# رۆمانی (بارمتەکانی گوناهکاری) دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

رۆمانی (بارمتەکانی گوناهکاری- رهائن الخطیئة) کە لەلایەن نووسەری کوردی رۆژئاوای کوردستان هەیسەم حوسێنەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.

ئەم رۆمانە ساڵی 2009 لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەلتەکوین لە دیمەشق چاپ و بڵاوکراوەتەوە. سەرەتای ئەمساڵ بە زمانی کوردی لەلایەن وەشانخانەی (J& J) بڵاوکرایەوە.

خالید جەمیل محەممەد، نووسەر و وەرگێڕ کە ئەو رۆمانەی کردووەتە کوردی، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: «رۆمانەکە باس لە کێشە و پرسی سنوور لە نێوان سەرخەت (باکووری کوردستان) و بنخەت (رۆژئاوای کوردستان) دەکات، هەروەها باسی رەهەندە سیاسی، ئاینی، هزری و جڤاکییەکانی سنوورەکە دەکات، هەندێک ناچار دەبن ئەو واقیعەی سنوور قبوڵ بکەن، هەندێکیش سەرباری هەموو ئاستەنگەکان سنوورەکە دەبڕن، بەڵام زۆربەیان دەبنە قوربانی».

وەرگێڕی رۆمانەکە باسی کاراکتەری سەرەکیی نێو رۆمانەکە دەکات و دەڵێت: «پیرەژنێک بەناوی خاتوون، کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، خاتوون لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی خۆی لە دیوێکی سنوورەوە دەچێ بۆ دیوەکەی دیکە، لە سەرخەتێ دەچێت بۆ بنخەتێ، بۆ ئەوەی منداڵەکانی بپارێزێ».

رۆماننووس هەیسەم حوسێن، ساڵی 1978 لە شاری عاموودای رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، ئێستا لە بەریتانیا نیشتەجێیە و ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی بەریتانیایە، ئەندامی یانەی پێنووسی ستۆکهۆڵمە. خاوەنی چەند پەرتووکێکە لەوانە: (دەرزیی ترس)، (گیایەکی زیانبەخش لە بەهەشت)، (بارمتەکانی گوناهکاری)، (ئارام.. نەوەی ئێش و ئازار)، هەروەها (رۆمان و ژیان و رۆماننووس لە دەهۆڵی شەڕ دەدات).




# شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم کۆکرانەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

شیعرەکانی شاعیر جەلالی میرزا کەریم، کۆکرانەوە و بە چاپی ئەلیکترۆنی بڵاوکرانەوە.

شیعرەکانی ئەو شاعیرە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا پێشتر بڵاوکراونەتەوە و ساڵانێکی زۆرە سەباح رەنجدەر، نووسەر و شاعیر ئەرکی کۆکردنەوەیانی لەئەستۆ گرتووە.

رەنجدەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت "ساڵی 1978 یەکەم شیعری ئەم داهێنەرەم لە ئەرشیفی خۆمدا یاداشت کرد، لەم ساتەی ئەم تێبینییە دەنووسم چل ساڵی پڕە لە هەر رۆژنامە و گۆڤارێکدا شیعریم بینیبێت یاداشتم کردووە".

هەروەها دەڵێت: "لە یادی بیست و پێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچیدا، 14/1/1993 ئەم بەشە شیعرەی لای من کۆبووەتەوە وەک کتێبێکی ئەلیکترۆنی بڵاوی دەکەمەوە، داواش لە بنەماڵەکەی دەکەم خەمساردی لە چاپکردنی سەرجەم شیعرەکانی درێژە نەکێشێ".

(رێگا دوورەکانی چاومان)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی جەلالی میرزا کەریمە کە لە 1992 لە دووتوێی 145 لاپەڕەدا چاپکراوە.

جەلالی میرزا کەریم ساڵی 1935 لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتای خەباتی سیاسی بۆ ساڵی 1955 دەگەڕێتەوە کە بووەتە ئەندامی یەکێتی گشتیی قوتابیان و هەر لەو قۆناغەدا دەستیداوەتە شیعر نووسین. ساڵی 1956 لەسەر چالاکی سیاسی گیراوە. لەدوای شۆڕشی تەمموزی 1958 ئازادکراوە. لە 1966 تاوەکو ساڵی 1970 بێژەر و وەرگێڕ بووە لە رادیۆی کوردیی بەغدا.

شاعیر لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا دوای راپەڕینی 1991، لە ئەمەریکا ژیانی بەسەردەبرد و لە کانوونی دووەمی 1992 بە نەخۆشیی دڵ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.




# کتێبێك لە بارەی فۆنەتیکەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بۆ یەکەمجار لە دەڤەری بادینان کتێبێکی تایبەت بە فۆنەتیک، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ لەلایەن دەزگای نالی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ دەکرێت.

د.ئەمین عەبدولقادر، بەرپرسی دەزگای نالی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، پێشتر لە سنووری پارێزگای دهۆک زۆر نامەی ماستەر لەسەر فۆنەتیکی زمان لە زاری کرمانجی-دا کراون، بەڵام هیچ کتێبێکی ئەکادیمی لەو بارەیەوە چاپ نەکراوە. دوو پسپۆڕی زمان د.شێرزاد سەبری و د.عەبدولسەلام نەجمەدین لە زانکۆی دهۆک و زاخۆ دەمێکە سەرقاڵی ئەم کتێبەن، ئێستا دیزاینەکەی تەواو بووە و مانگی داهاتوو چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

بەرپرسی دەزگای نالی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە گوتیشی، کتێبەکە لە 320 لاپەڕە پێکدێ، باسی فۆنەتیک بە گشتی و فۆنەتیکی کرمانجی سەروو بە تایبەتی دەکات. ئەرکی فۆنەتیک لە زماندا، جۆر و پەیوەندی، هەروەها سەرچاوەی دەنگەکان، گواستنەوەی دەنگەکان و چەندین مژاری دیکە باس دەکات کە هەموویان نموونەیان بە کوردی بۆ هێنراوەتەوە.

کورتە چیرۆک

# ئەم بێدەنگیە دەمکوژێت



◄ عومەر کەریم بەرزنجی



دەبێ چەند جار بمرم بۆ ئەوەی هەموو شێوازەکانی مردن تاقی بکەمەوە، یاخود دەبێت تەمەنم چەند بێت تا بتوانم فریای تاقیکردنەوەی ئەو هەموو شێوازانەی خۆکوشتن بکەوم؟.. مەگەر حەزرەتی عیسا تەنیا خەریکی زیندووکردنەوەی من بێت، تکایە کەس داوای گێڕانەوەی چیرۆکی دنیایەکی ترم لێ نەکات، چونکە فریای بینینی هیچ جۆرە چیرۆکێک نەکەوتم کە عیسا فەرمانی گەڕانەوەی ڕۆحم بۆ لاشەمی دەرکرد.

بێدەنگی ڕەنگە جۆرێک بێت لە مردن، یاخود ساتێک بێت لە مردن، هەموو جارێک پێتدەگوتم ئەو بێدەنگیەت دەمکوژێت، دەتزانی خۆشمدەوێیت و هەمیشە خۆشەویستیت لە نیگای چاوەکانمدا دەخوێنیتەوە، دەتگوت بریا ئەو چاوە هەنگوینیانەت پێکێک شەرابی ژەهراوی بووایە تا لەگەڵ یەکەم نۆشینیدا بمکوژێت. چەند ساڵێک تێپەڕی و نەمزانی بۆچی نەمتوانی کۆتایی بەو بێدەنگیە بهێنم، زمانم لەئاست خۆشەویستیتا لەگۆ دەکەوت، نەشمدەتوانی بە نووسینی چەند وشەیەک رازی دڵ بدرکێنم، تۆ ڕۆیشتی و فریای ئەوە نەکەوتم پێت بڵێم خۆشمدەوێی، ڕۆیشتی و نەمتوانی ئەو نیگا شەرمن و پڕ لە خۆشەویستیە بۆ هەمیشە لەیەک بنێم، دەزانم پێمدەڵێی جورئەتی ئەوەت نییە کۆتایی بەو بێدەنگیە بهێنی، دەزانم بێدەنگی جۆرێکە لە خۆکوشتن، وەلێ خۆکوشتنێکی سپی.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین چیرۆک و دوایین چیرۆک بێت کە دەینووسم، ڕەنگە فریای نووسینیشی نەکەوم و لە پرۆسەیەکی خۆکوژیدا کۆتایی بە هەموو ئەو بەسەرهاتانە بهێنم کە دەمەوێت بۆتانی بنووسمەوە. لەوانەشە لەو پرۆسەیەدا ئێوەش لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ دۆزەخ، نیگەران مەبن ئەوێش زۆر ناخۆش نییە، ئەوە نییە هەرکەسێک دەڕوات ناگەڕێتەوە، نا نەخێر ڕەنگە ڕێگای گەڕانەوە پێنەزانن، یان ڕێگای گەڕانەوەیان لێ ون بووبێت، ئەشێ لەوێ ئەم چیرۆکەتان بۆ تەواوکەم، وەلێ ڕەنگە توانای گوێگرتنتان نەبێت، چونکە لەوێ من مەحکومم بە خۆتەقاندنەوەیەکی هەمیشەیی، چونکە بە خۆتەقاندنەوە خۆم و ئێوەشم کوشت. ئەی ناڵێن بە هەر شتێک خۆت بکوژیت بەهەمان شت سزا دەدرێیتەوە؟ من نازانم لەگەڵ ناڵەی ئەو هەموو تەقینەوانەدا ئێوە چی دەکەن، من خۆم نیگەران نیم، چونکە دەمەوێت بەردەوام بمرم و زیندوو ببمەوە. دەمەوێت هەموو شێوازەکانی مردن ببینم و هەموو ڕێگاکانی مردن تاقی بکەمەوە، ئەگەر توانای ئەوەم هەبێت بۆ فەزڵی حەزرەتی عیسا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو نەبووایە نەمدەتوانی ئەو ڕێگایانە تاقی بکەمەوە.

یەکەم هەوڵی خۆکوشتنم دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی هەشت ساڵیم. کە لە حوجرە گەڕامەوە ویستم بە شمشێرەکەی حەمە دەروێشی دراوسێمان خۆم سەربڕم، شمشێرەکەم لەسەر گەردنم دانا و هەستمکرد شلەیەکی سوور کراسە سپیەکەم ڕەنگ دەکات، دوای کەمێک بەرچاوم ڕەش بوو، کە بەئاگا هاتمەوە تەنها جێگای زامی شمشێرەکەم بینی و هیچی ترم بەبیر نایەتەوە، نازانم حەمە دەروێش چاکی کردمەوە یان حەزرەتی عیسا، چونکە حەمە دەروێش دەیگوت من چاکم کردەوە، وەلێ کەسانی دەوروبەر دەیانگوت نوورێکی سپی کە بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە، چاکی کردیتەوە، هەموو پزیشکەکان نەیاندەزانی چۆن لە ناکاو لەسەر نەقالەکە بە مردوویی هەستایتەوە. ئەوەندەت خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو خوێن لە لاشەتدا نەمابوو، تەنانەت دوای چاکبوونەوەت پێویستی بەوە نەکرد کە خوێنت تێبکەن.

هەندێک لە پزیشکەکان هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ نەکردبوو، هەندێکیان بە جادوو ناویان بردبوو، هەندێکیشیان گوتبوویان ئەمە تەنها پەرجوویەکە لەلایەن خوداوە تا باوەڕبهێنین کە ئێمە تەنها هۆکارێکین بۆ چاکبوونەوە، نەک شیفادەر.

هەندێکیشیان کە گومانیان لە هەموو شتێک هەیە، تەنها بە درۆیەکی شاخداریان دەزانی، یان بە سیناریۆی فیلمێکیان دەزانی، هەموومان بەشێک لە بەدگومانیمان تێدایە، هەندێکمان بە سانایی هەوری بەدگومانیمان دەڕەوێتەوە، هەندێکیشمان هەمیشە لە گوماندایین، ژیان هەمووی زنجیرە چیرۆکێکە ڕەنگە فریای گێڕانەوەی نەکەوین، یان بە ناتەواوی بیگێڕینەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"ـی جەبار جەمال غەریب

◄ ئەمیر وەیسی

◄ وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
ڕەسووڵ سوڵتانی

هەوڵی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانەکانی دیکە چەند ساڵێکە دەستی پێ کردووە. ئەو هەوڵەی کە زۆر زۆرمان پێویستە و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە خۆمان بە گەلانی تر بناسێنین و پێیان بڵێین، کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو شاعیر و نووسەری داهێنەری هەیە. ئەدەب دەتوانێ باڵیۆزێکی خۆشەویست و ڕۆحسووکی نەتەوەکەمان بێ. لەو ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزی کوردی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و لە ئێراندا پێشوازییەکی بەرچاو و گەرموگوڕیان لێ کراوە. یەکێک لەو بەرهەمە ئەدەبیانە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"ـی جەبار جەمال غەریبە، کە ڕەزا کەریم مجاور کردوویە بە فارسی و بەناوی "اسفار سرگردانی" بڵاو بووەتەوە و کەسێک بەناوی ئەمیری وەیسی لایەنە شاراوەکانی ئەو دەقە ئەدەبییەی بەو جۆرە ڕاڤە کردووە:

ئەسفاری سەرگەردانی، چیرۆکی خوێنە، خوێنی ڕژاوی باب و باپیرانی نەتەوەیەک کە لە مێژوو کۆنترن. نەتەوەیەکی چوارپارچەکراو کە ئێستا نەوە گەنجەکەی، بە سەرلێشێواوییەوە بە شوێن ناسنامەی خۆیەوە وێڵە. ئەسفاری سەرگەردانی، سەربوردەی جەفا و ئازاری مرۆڤێکە کە ڕابردووی پڕ لە تاوان و قڕکردن و کۆمەڵکوژیی هاوجنسەکانی خۆی لەبیر نامێنێ. ئەسفاری سەرگەردانی، بە هەقایەتخوانێکی سەرگەردان لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا، لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای جیهاندا، لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، لە نێوان حەقیقەت و ئوستوورەدا، لە نێوان هۆشیاری و ساوێر "وەهم"دا، لە زیندەخەوی نێوان خەو و بێداری و لە نێوان مێژوو و هەقایەتی پەریان و ئەشق و خوێن و، لە نێوان شاردنەوەی ئازارەکان و کولانەوەی برینەکان و لە نێوان دۆڵپا و دۆڵپادا لە هاتوچۆدایە. سەفەرێک لە ئەشقەوە تا فەوتانی ئەشق و سەرهەڵدانی رق و قین. سەفەرێک لە خەمەوە بۆ خەم و لە ژانەوە بۆ ژان و لە مەرگەوە بۆ مەرگ....

کاکۆ، کارەکتەرە سەرەکییەکەی چیرۆک، بەرهەمی زەماوەندی باوکێکی کورد و دایکێکی هەرمەنیە، کە لە ئەورووپا لەدایک بووە. دایکە، لە تۆرەمەی ئەو هەرمەنیانەیە کە لە کۆمەڵکوژیی تورکانی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕزگار بووە و باوکەش پەنابەرێکە کە لە ئەنفالەکانی سەدام زیندوو دەرچووە و لە ئەورووپا مۆسیقا دەبێتە پردی پێکگەیشتنیان. ئەو دووە، برینی قووڵی لەدەستدانی کەسوکاری خۆیانیان لە سۆنگەی پاکتاوە قەومییەکانەوە لەدڵدایە و هەردووکیان هەوڵ دەدەن ئەو ژانە خوێندەڵێنانە لەبیر خۆیان بەرنەوە، بەڵام هەرچی زام و ژانە، لە ناخی تاقانەکەیاندا، لە دڵی کاکۆدا کۆدەبێتەوە. کاکۆ بەپێچەوانەی دایبابی خۆی، دەیەوێ مەتەڵی هەموو ئەو مەرگانە هەڵێنێ کە لە ناخیاندایە و پەردە لەسەر ئەو نهێنیە هەڵداتەوە و بۆ ئەو کارەش، دەفتەری بیرەوەرییەکانی داپیرەی دایکی کە چەندین ساڵە لێی شاردووەتەوە، دەدزێ و دێتەوە کوردستانی زێد و نیشتمانی باوکی. ئەو دێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی گۆڕستانەکانی ناخی باوکی بدۆزێتەوە و بە خوێندنەوەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی بنەماڵەی دایکیشی گۆڕستانەکانی نێو دڵی دایکی دەدۆزێتەوە. کاکۆ، بەرهەم و لەدایکبووی گۆڕستانەکانی دوو نەوە مرۆڤی ئازارچەشتووە. بەرهەمی ئەو دوو میللەتەی بۆنی خوێنیان لێدێ. ڕۆحێکە لە ڕەگ و ریشەی دوو دیارەوە بیچمی گرتووە و وەک بەردی لێ هاتووە.

کاکۆ بۆ ئەوەی بژی، پێویستی بە هەقایەتە. ئەو بە بیستنی چیرۆکەکان دەیەوێ خۆی باشتر بناسێ و هەناسە بدات. بیستنی هەقایەتی ئەشقی ئۆرانووس کە باخەوانەکە بۆی دەگێڕێتەوە و بیستنی هەقایەتی ڕزگاربوونی وێنەکەی سەید حوسێنی جیهانگیر کە دەگاتە عەمەلیاتی ئەنفال و ناز جەواهیر خاتوون بۆی دەگێڕێتەوە و بیستنی بەسەرهاتی مەرگی بنەماڵەی دایکی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانەوە، ئەویان زیندوو ڕاگرتووە و بەوانە دەژی. ئەو سێ هەقایەتخوانەش وەک شازادەکەی هەزار و یەکشەوەن. ئەو بە بیستنی ئەو هەقایەتانە دەیەوێ بچێتە نێو سەربردەی بنەماڵەی دایک و بابی بۆ ئەوەی بتوانێ ناسنامەکەی خۆی و خوێنی ڕەچەڵەکی و نەبڕانەوەی قوربانیکرانی مرۆڤەکان و زیندووڕاگرتنی ئەو شتەی ئێستاش واتایەک بە مرۆڤبوون دەبەخشێ و یەکێکە لە بەرزترین و بەرچاوترین ئەشقەکان، بپارێزێت، بەڵام بەرگەی ئەو هەمووە کوێرەوەری و ژانە ناگرێ و دواجار خۆیشی دەبێتە قوربانی.

یەکێک لە تێم و هەوێنە بنچینییەکانی "ئەسفاری سەرگەردانی" چارەنووس و قەدەری دووپاتە و چەندپاتەکراو و چارەیەکە کە لە نێوچاوانی مرۆڤ نووسراوە. مرۆڤێک کە تەنانەت ئەگەر هەوڵیش بدا ناتوانێ خۆی لەو ڕابردووە پڕ کێشە و پشێوییە ڕزگار بکا. جەبار جەماڵ غەریب، لە چوارینە سەفەرەکەیدا ، گەلێک هێما و چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم چارەنووسە وێکچووانەمان بیر بخاتەوە، کە "کاکۆش" وەک کۆکراوەی ژان و ئازارەکانی دایک و باوکی، دەبێتە میراتگری هەموو ئەو چارەنووسانە. گوندە سووتێنراوەکانی هەرمەنی و کوردەکان کە هەردووکیان لەسەر گردێک هەڵکەوتوون و لە سەردەمە جیاجیاکاندا تاوانباران و خوێنڕێژان وەک یەک بەگژیاندا هاتوون و قوربانییە زوڵملێکراوەکانیش کورد و هەرمەنی هەر وەک یەک بوون و یەکچارەنووس بوونە. جەیمز براون لە ڕێگەی فۆتۆگرافییەوە دەبێتە خەمبارترین مرۆڤی سەرگۆی زەوی و "کاکۆ"یش لە ڕێگەی فۆتۆگرافییەوە دەچێتە نێو دنیای سیحراویی ئۆرانووسەوە و هەموو هەوڵیشی دەدا بۆ ئەوەی ئەم وێنەی براون بگەیەنێتە شوێنی مەبەست کە لە ڕێگەی مردووەکانەوە بەدەستی گەیشتووە. قەشە جۆلیۆس ئەندریاس هەموو ژیانی خۆی تەرخان دەکا بۆ دۆزینەوەی نهێنیی ئۆرانووس و گەیاندنی نامەکەی ئەو بۆ گراوی (خۆشەویستەکەی) و کاکۆش لە برگەیەکی ژیانیدا وەک باوە جۆلیۆس دەبێتە هاوڕێی دڵدار و گراوی و نهێنییەکەیان دەدۆزێتەوە. ئۆرانووس بۆ ئەوەی مۆسیاقی بەهەشتی بگەیەنێتە گوێی خەڵک، دڵی گراوییەکەی دەشکێنێ و کاکۆش ئەو کاتەی بە جیهانی ئۆرانووسدا دەگەڕێ، دڵی کارۆلین واتە گراوییەکەی خۆی دەشکێنێ و پێی دەڵێ: "بڕۆ لەکۆڵم بەوە با تەنیا بم". ئینجا لە کۆتاییدا وەک هەموو دڵدارێکی ئەم دنیایە لە دووری گراوییەکەی دێتە نێو باخەکەی ئۆرانووس بۆ ئەوە چاوەڕوان بێ.

ئەدەبی هاوچەرخی کورد، سەربردەی ئاوارەیی و ماڵ بەکۆڵییە. ئەدەبیاتێکە لەسەر کۆڵکەکانی ترس و کوشتاری بەکۆمەڵ و گۆڕی بەکۆمەڵ و سووتمان و دوورخرانەوە و ڕاکردن و دەربەدەری بیچمی گرتووە. چیرۆک و شیری پڕ لە ترس و دۆڵپای خوێناوی. شێرکۆبێکەس و عەبدوڵا پەشێو و ڕەفیق سابیر و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و فەرهاد پیربال، ژان و ئازارە سامناکەکانی ئەو وڵاتە دەگێڕنەوە و وەک هەموو پەیامهێنەرەکان، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن ئەو هەمووە ناهەقی و زوڵم و فەوتاندن و سووتمان و ترس و ڕشتنی خوێنی بێتاوان و ماڵوێرانییە بە گوێی دنیادا بدەن.




**جەبار جەمال غەریب، لە چوارینە سەفەرەکەیدا ، گەلێک هێما و چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم چارەنووسەوێکچووانەمان بیر بخاتەوە**

# ئیبراهیم یونسی و خەونێکی گەورە بۆ گۆڕانی کولتووری

## (بەبۆنەی ساڵڕۆژی مەرگی یونسییەوە)



عادل قادری



ئیبراهیم یونسی یەکێک لەو قەڵەمانەیە کە بە دوو هۆی گشتی قسەکردن لەسەر کارەکانی و کەسایەتی ئاسان نییە. یەکەم ئەوەی کە ئەو هەم لە بواری وەرگێڕان و هەم لە بواری نووسیندا بارستایی و حەجمێکی زۆر تا ئاستی سەرووی هەشتا بەرگ کتێبی چاپکراوی هەیە کە لە بوارگەلی جۆراوجۆری ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، سیاسی و هونەریدان، دووەم ئەوەی کە وەرگێڕان و نووسینەکانی یونسی هەم بۆ کاتی خۆی و تاڕادەیەکی زۆریش ئێستا تازە و داهێنەرانە بوون، ئەو زۆر بە مەبەست و ئامانجدار کتێبی بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژارد و لە ئەدەب و زمانی فارسیدا بە باوکی رۆحی بەرەیەکی گەورە لە نووسەران و وەرگێڕانی پاش خۆی دەزانرێت و بەرەی ئێستەش بێگانە نین لەگەڵ خەم و رەنج و ئازار و نیگا و گێڕانەوەکانی. دەتوانم بڵێم زۆرینەی کارەکانی ئەم کەسایەتییە درەوشاوە رەنگدانەوە و وانوێنەری جیهان ژین (جهان زیست)ێک بوون کە لەگەڵ زۆر پرس و کێشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و کولتووری دەستەویەخە بوو. یونسی کە ساڵی 1305ی هەتاوی لە شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک دەبێ، بنەماڵەی باوکی خان (سلێمان خانی کوڕی یونسی خان، حاکمی بانە) و ئاغاوات بوون و بنەماڵەی دایکیشی رایەت و خەڵکی ئاسایی، پێموایە هەر ئەم دووسەربوونەی لەدایکبوونی دەبێتە هەوێنێک بۆ تێڕامان لە پێکهاتی چینایەتیانەی کۆمەڵگا و رەخنەکردنی سیستەمی خانخانێتی لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیدا.

ئەو لە "زستانی بێ بەهار" (1)- بیرەوەرییەکانی لە منداڵییەوە تا پاش زیندان- دا دەڵێت:

بنەماڵەی باوکم سەرجەم ئەتڵەسپۆش و زەنگین بوون جگە لە من و دوو مامم. من لە پازدە ساڵان بەولاوە بەهەڵکەوت نەبێ ئیتر سەردانی ماڵی باوکمم نەکرد و هەر جاریش کە رۆیشتووم سووکایەتیم پێکراوە، بۆیە دایە گەورەم نەیدەهێڵا ئیتر بڕۆم.

ئەو دایەگەورەیەی کە پاش مەرگی دایکی ئیبراهیم لە تەمەنی دوو ساڵان، ئیبراهیم دەباتە لای خۆی و لەگەڵ باوەگەورەی کە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت، بەڵام فەرێح و شاتەبیعەت بوون، گەورەی دەکات.

پێموابێ یەکەمین هەوێن بۆ تێڕامان و دابڕان لە پێکهاتێکی چینایەتی کۆمەڵگا لەم دووفاقی و دووسەربوونەیەوە دەستپێدەکات. لەسەرێکەوە بنەماڵەیەکی لەخۆبایی و زەنگین و ئاغاوات (باوک) و لەسەرێکی ترەوە بنەماڵەیەکی هەژار و کرێکار و رۆح ئەفزا و خۆش مرخ (بنەماڵەی دایکی). ساڵی 1320ی کۆچی (1941) کە ئێران لەلایەن هێزەکانی موتەفیق و هاوپەیمان (فەرانسە، بەریتانیا، رووسیا و...) داگیر دەکرێت، ئەرتەشی ئێران لە بانگهێشتێکی گشتیدا داوا لە هەموو بنەماڵە عەشایرەکان دەکات منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەکانی نیزام و زانکۆی ئەفسەری، ئیبراهیم ساڵی 1322 ی کۆچی (1943 ز) دێتە قوتابخانەی دواناوەندی تاران و لە 1324 ی کۆچی دیپلۆم وەردەگرێت و دەچێتە زانکۆی ئەفسەری و لە 1327 زانکۆ تەواو دەکات لە گوردانی چواری رەزایە دەستبەکاردەبێت. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1328ی کۆچی لەگەڵ خاتوو رۆزا گوڵپاشی دەبێتە هاوسەر و سێ کچ و کوڕێک ئاکامی ئەم هاوسەرگیرییەیە.

ژیانی یونسی لەم ئاراستە سرووشتی و رێک و هەمواردا نامێنێتەوە و لە رەزایە قاچێکی لەدەست دەدات. لایەنی داپۆشراوی ژیانی یونسی پاش کۆدەتای 28ی گەلاوێژی 1332 (1943ز) بەسەر دەوڵەتی موسەدیق-دا دەردەکەوێت کە بووە هۆی ئەوەی هەشت ساڵی تەمەنی لە زیندانی رژێمی پاڵەوی بەسەر بەرێت و هەر لەوێش زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی فێردەبێت و کتێبە ناودارەکەی چارڵز دیکێنز (خەونە گەورەکان) بە راوێژ لەگەڵ سیاوەش کەسرایی کە سەردانی براکەی دەکرد لە زیندان، هەر لەوێ وەردەگێڕێت. یونسی پاش ئەو کودەتایە، هاوکاری و هاودەستی لەگەڵ رێکخراوی سەربازیی حیزبی توودە ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هاودەستانی و لە دوو گرووپدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت، ئەو سەر بە گرووپی دووەم بوو، بەوتەی دادگا بەهۆی لەدەستدانی پێی چەپی بۆ خزمەتی وڵات و لەناو ئەرتەش، بەر لێبووردنی شا کەوتووە و بڕیاری لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی دەگۆڕێت، ئەمە لەکاتێکدا کۆڵۆنێل موبەشیری و سیامەک کە هاوگرووپ و دەستەی بوون، لەسێدارە دەدرێن. زۆربەی هاوبەندەکانی کەسانی خوێندەوار و زمانزان بوون و زیندان دەبێت بە زانکۆیەکی راستەقینە بۆی.

زیندان و ژیان و خەبات و ئازار و رەنج و هیوا و ئەزموون یونسی کرد بە ترۆپکێکی مەزن کە بەرهەمی زۆرێک لە نووسەرانی دونیا، لەوانە: ڤیکتۆر هۆگۆ، چارڵز دیکێنز، تۆماس هاردی، شکسپیر، هۆوارد فاوۆست، دۆستۆیفسکی، بێرتراند راسێڵ، جۆرج ئەڵیوت، ماکسیم گۆرکی و چێخۆف و...لەڕێگەی ئەوەوە بەکۆمەڵگەی ئێرانی و زمانی فارسی ناسران. پانتایی کاری یونسی لەبوارگەلی جۆراوجۆر و لەرێگەی وەرگێڕان و نووسین بێ وێنەیە، زۆرتر لە هەشتا بەرهەمی گرینگ و ناوازە لە وەرگێڕان و نووسین لە کارنامەیدا هەیە و خشتەی ئەو بەرهەمانە و هەڵبژاردنی وەسواسانە و بژاردەکارانەی یونسی وامان پێدەڵێت کە ئەو پلانێکی گەورەی کولتووریی درێژخایەنی لە زەینیدا بووە و ویستوویەتی ئەم پلانە هەم بۆ ئێران بەگشتی و بۆ کوردانیش بەتایبەتی بە ئەنجام بگەیەنێت.

هەروەک گوتم، ژمارەی وەرگێڕان و نووسینەکانی یونسی زۆر زۆرترن لەوەی کە بتوانم ئاماژەیان پێبدەم، بەڵام ئاماژە بە چەندین کاری مێژوویی و ئەدەبی و کۆمەڵناسانەی دەکەم کە پەیوەستن بە کوردەوە و رانان و خوێندنەوەیەکی کورت بۆ یەکێک لە رۆمانەکانی: (بەخێر هاتی...!) (2) دەخەمەڕوو.

لەبواری مێژوو و کۆمەڵناسی کۆمەڵگا و شۆڕشە کوردییەکانەوە یونسی چەندین بەرهەمی وەرگێڕاوە کە ئێستا وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگ و باوەڕپێکراو دادەنرێن، لەوانە:

- بۆ ئەم ریسواییە چ بەخشینێک؟- جۆناتان راندڵ
- پێوەندییەکانی ئێران و تورکیا و پرسی کورد- رۆبێرت ئومن
- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران- رۆبێرت ئۆڵسون
- گەشتێک لە باکووری کوردستان- شێرین لیزەر
- کوردەکان- کەماڵ نازدار
- کوردەکان و کوردستان- دیریک کینان
- کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان- سیسیل جەی ئیدمۆندز
- کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد (ئاغا، شێخ و دەوڵەت)- مارتن ڤان برونسن
- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد- کریس کۆچێرا
- هێلانەی هەڵۆ- کونیستانت هوون...

لە نووسینەکانیشی، رۆمانگەلی: (دوعایەک بۆ ئارمەن، بەخێر هاتی...، گۆڕستانی غەریبان، دادە شیرین، دایکم هەمدیس گریا، مردووەکان) لە بەرهەمە دیارەکانن.

یونسی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سێ مانگ دەبێت بە پارێزگاری کوردستان، بەڵام دوای ئەوە بە وتەی خۆی بەهۆی ئەوەی کە نیازپاکی و بەرنامەیەکی رێک و هاوکۆکییەک بۆ چارەسەری کێشەکان لە تارانەوە نەبوو، دەستی لەکار کێشایەوە، ئەگەرچی لەو سێ مانگەشدا جێگەدەستی لە هێورکردنەوەی کێشەکانی کوردستاندا دیار بوو.

یونسی بەم بارستایی و پانتاییە لە کار و چالاکی لە هەموو ئێراندا بێ وێنە و دانسقەیە و ئەمە خودی نووسەران و وەرگێڕانی فارس، لەوانە رەزا سەید حوسەینی، خەشایار دەیهیمی، مەهدی غەبرایی و زۆر کەسی تر دانی پێدا دەنێن، بەڵام جگە لە چەند رێوڕەسمێکی بچووک و رێزگرتنێکی ئاسایی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسەوار و شانازییە کولتوورییەکان لە ساڵی 1380 و هەروەها رێزلێنانێکی سادە لە فێستیڤاڵی چیرۆکنووسی عەزرا لەساڵی 1382 ، کارێکی وای بۆ نەکرا... شەوێکی تایبەتیش لەلایەن گۆڤاری بوخاراوە کە عەلی دیهباشی بەڕێوەی دەبات.

یونسی چەند ساڵێک پێش مردنی تووشی نەخۆشی ئاڵزایمەر ببوو، بەڕادەیەک کە ئیدی ناوی چارڵز دیکنزی نەدەناسییەوە و دەیگوت ناوی ئاشنایە بە گوێم... یونسی لە 19ی رێبەندانی ساڵی 1390 لە ئامێزی فریشتەی مەرگ دەخزێت و بە وەسیەتی خۆی لە بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕستانی سلێمان بەگ دەینێژن.

### خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی رۆمانی "بەخێرهاتی...!"

"بەخێرهاتی...!" رۆمانێکە لەخۆگری بەسەرهاتی خانێکە لەژێر ناوی رۆستەم خان کە بەهۆی باوەڕی بە رەسەنایەتی و خوێن پیرۆزی و رەگەزپاکیی خۆیەوە قەت "بڕیار"ی شووکردنی کچەکەی لەگەڵ "بۆرە پیاو"ێک بە ناوی خەسرەو کە خەڵکی بانەیە، نادات. رۆستەم بەگ (خان) خەڵکی باکووری کوردستان و خەسرەو لاوێکی عاشق و خەڵکی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستانە. رۆستەم بەگ دوای رووخان و نسکۆی شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان بە رێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا، لە دەست هێزەکانی تورک هەڵدێت و روو دەکاتە رۆژهەڵاتی کوردستان. چونکە لەو سەروبەندەدا هەر هەمان سیستەمی فیۆداڵی و خانخانێتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش زاڵە، لەبەر دەروازەی هەر شارێکدا خانێک بە سووروسات و دەستوپێوەندی شکۆمەندانەی خانایەتیانەی خۆیەوە راوەستاوە بۆ داوەتکردن و رێزلێنان لە هاوخوێن و هاوڕەگەزی خۆی کە "خان" بێت. رۆستەم خان وەکوو بوونەوەرێکی هەستەوەر زۆرتر بەهەست و نیگاوە رووبەڕووی دونیا دەبێتەوە و شیکاری و لێکدانەوەیەکی وای لەدەرەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ژیان و دەوروبەر و کێشەکانی پێ نییە، هۆگری بە سرووشت و مۆسیقای فولکلۆری کوردی بە تایبەت حەیران و لاوژە و قەتار هەیە (3) و تەنانەت سترانبێژێک بە ناوی پیرۆتی لەگەڵدایە و جارناجارێک کە لە ئەوقبوون و روانین لە کێو و ترۆپکی چیاکان وەکوو هێمای جەنگ و حەماسەت تێر دەبێت، بە پیرۆت دەڵێ: "ئادەی بخوێنە". (4)

ئەمە لایەنێکی کەسایەتی مرۆڤی ناو کۆمەڵگای ئەودەمی کوردییە، کۆمەڵگایەک کە دووشەق بووە لە نێوان باڵادەستیی چینێک بەناوی خان و بەگزادە و... ئیسلامێکی سەیر و سەمەرەی خۆماڵی کە لە درێژەدا ئاماژە بە لایەنی دووەم و تێکەڵکاری و دیالێکتیکی سەیری ئەم دوو شەق و جەمسەرە دەکەم. لایەنی خانێتی و بەرزەجێیی خان وادەکات سەمبول و سیماکانی سەر بەم جەمسەرە بەرگەی گۆڕان و رووداوە تازەکانی کۆمەڵگا نەگرن و تووشی جۆرێک لە دژوازی و پێکدادان ببێت، لە رۆمانەکەدا بە فۆرمی ململانێی نێوان باوک و کچ، نەریت و عەشق، ئاغا و رەعیەت، عاشقی بەرزەجێ و عاشقی خوارەجێ هاتووە... ئەم پێکدادان و بەریەککەوتنە چارەنووسێکی تراژیک بۆ هەردوولا دروست دەکات، واتە لایەنی خان (باوک-رۆستەم خان) و لایەنی رەعیەت (عاشق- خەسرەو) و هەر کام بەشێوەیەک رووبەڕووی تراژیدیا و مەرگ و ئاخرشەڕی دەبنەوە... کچی خان (نێرگس) لە نێوان ئەم دوو جەمسەری پێکدادانەدا سووتەمەنییەکی جوان و پیرۆزە..!.

دوای ئەوەی کە بنەماڵەی رۆستەم خان لە شاری بانە نیشتەجێ دەبن، خان بەو هەموو سۆزەی عەشق و حەماسەتەوە (کە لە خۆشەویستی بۆ مەقام و بەیتە کوردییەکاندا روونە) و تەنانەت خۆشی لە رێگەی عەشقەوە لەگەڵ دایە خانم، واتە دایکی نێرگس ژیانی پێکەوەناوە، بەڵام کاتێک نێرگس و خەسرەو شەیدا و عاشقی یەکدی دەبن، لەگەڵ بەرگری و پەرچدانەوەیەکی لەڕادەبەدەری رۆستەم خان بەرەوڕوو دەبنەوە و تەنانەت بۆ خەسرەو پیلانڕێژی دەکرێت، خەسرەوێک کە رۆیشتووەتە پێشوازیی بنەماڵەی ئاوارە و ئاوارتەی خان و لەسەر سنوور بە ناو چەندین کەندەڵان و وشکەچۆم و کوێرەڕێ، هێناونی بۆ بانە. لەو پیلانەدا خەسرەو گیان دەردەبات، بەڵام کوڕە دراوسێیەکیان پێوە دەبێت و دوای ماوەیەک کە قسە و قسەڵۆکی زۆر دەخرێتە دووی نێرگس و خەسرەو و هەروەها بەهۆی زەختێک کە سیستەمی فیۆداڵی "باوکسالارانە"ی بنەماڵەی رۆستەم خان، واتە باوکی نێرگس دەیخەنە سەر نێرگس، کچە خۆی دەرمانخوارد دەکات و تێدا دەچێت. پاش ئەم رووداوە، بەرە بەرە رۆستەم و دایەخان بەرەو هەڵوەشان و دارزانێکی دەروونی و رۆحی دەڕۆن و رۆستەم بە تەواوی شێت دەبێت و هەموو سامان و بوونی مادی و مەعنەویی خۆیان لە کیس دەدەن و هێرشگەلی جۆراوجۆر دەکرێتە سەریان و... و روو دەکەنە شوێنێک لای پارێزگای کرمان.



تا ئەم وێستگەیە لە رۆمانەکەدا بوونەوەر و بکەر یان راستتر وایە (کراو- بەرکار)ی ناو سیستەمی ئاماژەپێدراو دوو تایبەتمەندی نێگەتیڤ و چارەنووسکوژ و رەش وەردەگرێت، شێتییەک کە سەر لە وڕێنە و تێکچوونی یادەوەری (ونکردنی زەمان) دەدات و غوربەتێک کە ئەمان تێیدا بۆ خەڵکی کرمان "ئەویدی"ن، بەڵام ئەمان خۆیان نازانن شوناسیان چییە و ون بووگن تا بیر لەوانی دی بکەنەوە! تاوەکوو دواجار کوڕە گەنجێکی بانەیی کە لە دەزگای "دادوەری"ی کرمان ئیش دەکات، بەسەریاندەکاتەوە و کچەکەی نێرگس (بەرهەمی عەشقی ژێرەوانکێ و سێبەریانەی نێرگس و خەسرەو) کە ئێستا سمتی پڕ و مەمکی قۆرت و دەنگی ناسک! خوازبێنی دەکات و دەبێتە دەرگایەکی تۆزێک رێزمەندانەتر لە پێشوو بۆ دەرچوونی رۆستەم بێ "خان" ومان واتە رۆستەم خان! لە بەرزەخ و درێژەدان و رۆیشتن بەرەو نادیار یان دۆزەخی ژیان!

وەک لەم گێڕانەوەیەدا تا رادەیەک ورد و روونم کردەوە، نەریتە کولتوورییەکانی کورد وەکوو باوکسالاری و خانخانێتی کە دەسەڵاتێکی شکۆمەند و پیرۆز و فیۆداڵیانەی لێ شین بووە، لەگەڵ میتافیزیکی ئیسلامی- عەرەبیدا بەشەڕدێت و بەهۆی نەهاتنە ئارای سەنتێز و بەرئەنجامێکی روون و واقیعی، چۆڵەوانییەک لە داروپەردووی رووخاو لەبەردەممانە کە عەشقی نێرگس و خودی نێرگس دەکوژن، چونکە خوێنی نێرگسیان بەلاوە پیرۆزە و لەم سەریشەوە ئیسلامیان قبووڵ نەکردووە و نوێژ ناکەن چونکە رەسەنایەتییان نابێ لەکیس بدەن! بۆیە وەکوو دەرکەوتەیەکی هێماییی ئەم کردەوەیە، تەرم و رۆحی نێرگس لە بانە جێدێڵن و لەو ماڵەی کە بەکرێ گرتبوویان، لەنهۆمی سەرەوەدا دەینێژن و سەردان و پاسەوانییەکەی دەدەنە دەست ژنە قەرەجێک و دواتر ژنە چ گێڕانەوەگەل و چ دیرۆکگەل و چ ئوستوورەگەلێکی سەیر و دەستکرد و ساختە لە گڵکۆی نێرگس ناهۆنێتەوە، لە گڵکۆی عاشقێکەوە دەبێتە نەزەرگە و قسنە کۆنێک کە فریشتەکان و خزری زیندوو بەسەری دەکەنەوە و ژنە قەرەجیش لەم پێشانگا ئەفسووناوییەی کە رێکیخستووە، پارە و دەسکەوت و حەوجەگەلێکی زۆری بەردەکەوێت!

ئەم بوونەوەرە کە ناوی خان بێت وەک ئەوەی کە یونسی لە رۆمانی "بە خێرهاتی...!" دا باسی دەکات، تایبەتمەندییەکی خۆبینانە و لەخۆدەرچووانەی دانسقەی تێدا بوو، زۆرتریش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە لە ئەوانی دی جیا و هەڵبژاردە و تایبەت بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەرچی لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامیش هەر پێکهات و دەسەڵاتیان ئامادە بوو لانیکەم وەکوو ئەو رۆڵ و دەورەی خۆیان بۆ خۆیان دایاندەنا و پێشیان پەسەند بوو و هەر بە ئاراستەی ئەو جیاکاری و "جیابکەری"یەدا نوێژیشیان نەدەکرد، ئەوەش لە حاڵێکدا کە کولتووریشی بەزۆری! ئایینی و ئیسلامی بووە! ئەو لە زمانی یەکێک لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکەوە دەڵێت: "بەنی ئادەمێک کە گەرد و وردیلەیەکی بێ نرخ و بایەخ زیاتر نییە، خۆی بە تەوەر و خولێنگەی گەردوون و کائینات دادەنێت، من بۆیە لە نوێژکردن خۆشم دێ چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم گەردیلە چرووک و هیچە بۆ چرکەساتێکیش بووە لە ترۆپک و بەرزاییەکانی لەخۆباییبوون و لووتبەرزی بێتە خوارەوە و برێک لەگەڵ راستی و حەقیقەتی بوونی خۆی ئاشنا بێت. تەنانەت ئەگەریش ئەو هەستی دابەزین و لەخۆدەربازبوونەش داینەگرێت، هەر ترس و دڵەڕاوکێیەک دەکەوێتە گیانییەوە پەیوەست بەم پرسیارەی کە داخۆ منیش ئەوەندە گەردیلەیی و سووچ و چرووک بم وەکو "ئەوانی"دی؟" (5).

ئەم رۆمانە وانوێنەر و وەگێڕی چەندین بەریەککەوتن و دژوازی و قوربانی و سووتانی عەشق و رەنجی مرۆڤ و مەرگی جوانی و زەختی سیاسییە کە رووبەڕووی کورد لە دوو پارچەی باکوور و رۆژهەڵات بووەتەوە و بەشێوازێکی ریالیستی و واقیعخوازانە گێڕدراوەتەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**1- زمستان بی بهار، ابراهیم یونسی، تهران، انتشارات نگاه**

**2- خوش امدی، ابراهیم یونسی، رمان، توکلی، تهران، 1381**

**3- بەیت و کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای کوردی کە وەگێڕی عەشق و هیجران و جەنگ و حەماسەتە**

**4- خوش امدی، ابراهیم یونسی ل 148**

**5- بڕگەی پێشوو ل 318**

# داوەتەکەی ئاواز خانم

رەوف حەسەن



دەڕۆم و ئەویش بەدوامەوە...
- تەپ.. تەپ..

ئەم تەپەتەپەی خورپەیەک دەخاتە دڵمەوە.. ئەم چەکلە نەبوایە.. ئەم چەند خولەکەی ڕێگەم بە خۆشترین خولیاوە بەسەر دەبرد.. تەنیا بیرم لە (ئاواز خانم) دەکردەوە و هیچیدی.. نا نا، لەو کفتە بەلەزەتەش کە ئەمشەو بەتایبەتی بۆی لێناوم.. وەک ئەو کفتەیەی یێکەمین ڕۆژ پێلاوی غەریبیم لە ماڵەکەیاندا کرایەوە.. ئەو ڕۆژەی وەک بەڕێوەبەر بۆ ئەم شارە گوازرامەوە.. هەرچەندە وەک شارێکی خۆم وایە و.. دە پانزە ساڵ لەمەوبەر چەندینجار تێیدا خۆپێشاندانم دژی حوکمەتەکەی بەغدا کردووە و.. دوو جار بەساڵ و، ساڵ و نیو گیراوم و بەزیندانی بۆ هەیئەی کەرکووک و ئەبوغرێب نێردراوم.. بێگومان بۆیێ بیر لە کفتەکەش دەکەمەوە، چونکە لەتەک ئەودا دەیخۆم.. دەنا کفتەخواردن بێ ئەو چ ناهێنێ.

کۆکەیێکی ئەو سەگبابە نە کفتەی لە خەیاڵدا هێشتم.. نە ئاواز.. ئای کەی دەگەمە ئەو کۆڵانەی دەستەڕاستم؟ بۆ هێندە دوورکەوتووەتەوە! ئەوێ مانگەشە و نایگرێتەوە.. تاریکە.. هەر گەشتمە سەری کۆڵانەکە.. خێرا فرتەی بۆدەکەم.. نا.. ڕێگەکەم لەوێوە نییە.. دوو کۆڵانی دواترە.. لێ بۆ رزگاربوون لەم بەڵایە دەبێ هەر ئێستە هەموو شتێ بکەم.. یێکسەر لەسەری کۆڵانەکە لادەدەم و لاتریسکەی لێدەبەستم.. بۆی دەچمە کەمینەوە.. هەر جولایەوە وەک سەگ دەیتۆپێنم.. چۆن لێم بوو بە ملۆزم و بەنیازە ئەم شەوە خۆشەم لێ تاڵ بکات.. نا.. نابێ بەم حاڵەوە تەقە بکەم.. ئەدی بۆ دەمانچەم لەتەک خۆمدا هێناوە! ناشتوانم بە نەعل و بیجامەوە دەستەویێخەی ببمەوە.. بەڵکو ئەمە خوایە ئەو لەم کۆڵانە لابدات و ئیدی لەم چۆڵەوانییەدا بکەومەوە هەوا و خولیاکانی خۆم.

دەڵێن مرۆڤ لەچەند خولەکی بەر سەرەمەرگدا دیمەنەکانی سەرتاپای ژیانی دێنەوە بەرچاو.. تۆبڵێی منیش لەهەمان ساتەوەختدا بم! من چەند جارێ مەرگی ڕاستینەی خۆمم دیوە و بیرم لە هیچیش نەکردووەتەوە.. دیارە ئەوسا شتێ بوو، ئێستە شتێکی دییە.. ئەوسا بەئاشکرا لەو بەرەیەدا بووم کە بە بەرەی میللەت ناودەبرا.. ئێستە بەئاشکرا لەبەرەکەی دیدام.. پلەوپایەم لە حکومەتدا هەیە.. خەڵکی شار بە خیانەتکارم دادەنێن.. بەتایبەتی کەسانی وەک ئەم چەکلەی بەدوامەوەیە.. ئەمانە چوزانن من لێرەوە چییان بۆدەکەم و چۆن ژیانی خۆمم خستووەتە ئەوپەڕی مەترسییەوە! گەمژەی وا چوزانێ ئێستە بۆ دیدەنی و داوەتی ئاواز خانم دەچم.. چوزانێ هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتمە شار (بەختیار)ی کارمەندی بەڕێوەبەرێتییەکەم و برای شوانەی شەهید و مێردی (ئاواز خانم)، چۆن بەپەلەپروزێ بردمییەوە ماڵی خۆیان و هۆدەیەکیشیان بۆ ڕازاندبوومەوە.. دوو مانگی ڕەبەق خۆشترین ڕۆژانی ژیانم لای ئەو خانەوادە بەڕێزە بەسەر بردووە.. ئێستەیش بەردەوام هەرچی سیحر و جوانی ژیانە هەر لای ئەوان بەدییاندەکەم.. تۆ بڵێی ئەم چەکلە خزمی ژنەکەی (بەختیار) بێت! هەموو کەین و بەینەکانی من و ئاوازی پێزانیبێ؟ بۆ نا؟ چەندینجار قسەوباس و توانجی جۆراوجۆرم پێگەیشتووەتەوە.. لێ باس هەر باسی من نەبووە.. باسی لەمن پێشتریش دەکەن.. بەتایبەتی بەڕێوەبەرێکی تورکمانی پێش من! چەند مانگێ لەهەمان هۆدەدا بووە.. من لەوە بێگومانم خەتای کەسمان نەبووە.. دووەم ئێوارە ئاواز مێزی خواردنەوەی بۆ ڕازاندبوومەوە.. بە بەرگی نیوە ڕووتەوە هات:

- فەرموو.. دەی!

من نەمدەویست بەتەنێ هەردووکمان دەست بەخوارنەوە بکەین.. وتم:

- با مامۆستا (بەختیار) بێتەوە.. پێکەوە دادەنیشین دوو پێکی تێکرد..

- ئەوە نییە (ڤیان) خانمی کچمان لەگەڵدایە! بەوە نابێ سێساڵانە، بەقەدەر پیرەژنێکی سەر ئاسنین دەزانێ..

بەدەم قریووەوە وتی

- توانا تا دوای نیوەشەویش بەتەمای مەبە.. هەر بەجووتە خۆمان دەبین

زرەمان لە پێکەکانمان هەڵساند.. ختورەیێکم بەدڵداهات، لێ نەمویست هۆی درەنگهاتنەوەی لێ بپرسم،

لەبەرخۆیەوە وتی

- ئەوەی باشە هێشتا تریفە و تاڤگە نەیانزانیوە.. دەنا..

قۆستمەوە و پرسیم

- کێن؟

- هێوەرژنمن.. تریفەیان بێوەژنە.. لەتەنیشت خۆیانەوە خانوویێکی بۆ (تەنەر بێ)ی تورکمان بەکرێ گرت و ئەوساڵەی لەم شارەدا بوو شەوبوێری لەگەڵدا نەکردووە و هەموو ئەم شارەیش پێیزانین.

- ئەی مامۆستا (بەختیار)!

- جارێ لە باسی ئەو گەڕێ.. بەدرێژی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم!

گەلێ شتی دیکەی سەبارەت بە جووتە خوشک بۆ باسکردم.. بەشێوەیێکیش (ڤیان) تێنەگات و بە ئاماژەی جۆراوجۆر هەندێ ڕوونکردنەوەی لەمەڕ بەختیاری مێردی درکاند... درەنگانێ (ڤیان) نووست.. ئەوجا بەڕاشکاوی باسی مێردەکەی بۆ کردم.. زۆر سەرم سڕما.. بەهەموو تەمەنم شتی وام نەدیبوو و نەشبیستبوو.. ئەوانەی دیومن و بیستوومن پێچەوانە بوون.. هەر پیاو بووە لەسەر وردە گومانێ، بوختانێ، تاوانی گەورەی چوون خوێنڕشتن و سوتاندن و خنکاندنی لەدەست قەوماوە.. بەڵام پیاوێ نە کەمئەندام بێ و نە لە هیچی کەم بێت، بەو ئاسانییە دەرفەت بۆ ژنەکەی بخولقێنێ و ڕادەستی پیاوانی دیکەی بکات! بەشێوەیەکیش گوایێ ئاگای لەهیچ نییە و بێمەبەست وای کردووە!

لەگەڵ ئەمانەشدا هەر بەترسەوە دەستبازیم لەتەکدا دەکرد و نەمدەوێرا بەتەواوی سەرنوێنی لەگەڵدا بکەم.

(بەختیار) هاتەوە.. زۆر ئاسایی و تەنانەت بەخۆشحاڵیشەوە لامان دانیشت و پێکێکیشی خواردەوە.. ئیدی کاتی نووستن بوو.. پێمگوتن:

- شەو شاد!

چوومە ژوورەکەم.. وێڕای ئەوەی هەر دەمهێنا و دەمبرد و سەرم لێی دەرنەدەکرد، خۆشییەکی بێهاوتا جەستە و دەروونمی خپ کرد.

سبەی زوو لەخەودا بووم ئاواز بە ئەسپایی دەرگەی ژوورەکەمی کردەوە و یەکسەر بەئاگا هاتم.. بە بەیانی باشێکەوە دەرگەکەی داخست و خۆی فرێدایە باوەشمەوە.. نەیهێشت هیچ بڵێم:

- بێخەم بە! ئەو ئێستە گەیشتووەتە دایەرەش..

ئەمجارە ترسی هیچم نەبوو.. چونکە شەوێ دەترسام ڤیان خەبەری بێتەوە، یان لەپڕ لە دەرگە بدرێ!

ئاخ لەم تەپەتەپەی بەدوامەوەیە.. هەرگیز هێندە گوێم سووک نەبووە.

- تەپ تەپ!

ئەم کۆڵانە و ئەویدیم ماوە.. لەمەیان تێپەڕیم لەولاترەوە دار ئەلەکتریکەکە بەهانامەوە دێت.. سەیرە! تەنیا گڵۆپی سەرەتای کۆڵانەکەیان شکاندووە و ئەمانی دی تروسکاییان ماوە.. هەر تێپەڕی ئیدی سێبەرەکەی درێژ و درێژتر دەبێتەوە و.. دەتوانم هەموو جووڵەیەکی ببینم و لەکاتی خۆیدا بێمەدەست.. من بەناچاری نەبێت ناخوازم کار بگاتە ئەو ئاستە.. من سێ ڕۆژە چاوەڕوانی ئەمشە و دەکەم.. سەرەتا تەنیا گرفتێکم هەبوو.. ئەویش ئەگەر کۆڵانی ماڵی ئاواز چۆڵ نەبێت چۆن خۆم بخلافێنم تا خۆمی پێدا بکەم و کەس پێم نەزانێت.. بەتایبەتیش جووتە خوشکی بەختیار کە بەتەنیا لە خانووی ماڵە باوانیاندا لەم کۆڵانەی پێشەوەدا دەژین.. چونکە ئەوان لەتاریکاییشدا بە بیجامە و ڕۆبیشەوە دەمناسنەوە.. نامەوێ بزانن.. لە هەفتەی یەکەمی هاتنمدا جووتە خوشکم ناسی..

تاڤگەی خوێندکاری زانکۆ و تریفەی بێوەژن.. هەر ئاواز خۆی هەردووکیانی پێناساندم.. تریفە لە بەختیار گەورەترە و پێنج ساڵیشە بێوەژنە.. تاڤگە دوای ئەوەی دووجار خوازبێنی و جارێکیش مارە کرا.. پەشیمانبوونەوەی بەدوادا هات.. هەرسێجارەکەش بەهۆی (تەنەر بێ)وە بوو.. گوایێ لەگەڵ ئەویشدا رایبواردووە...

ئەم ملۆزمەی بەدوامەوەیە هەر بەجارێ ئەو گرفتەیانی لەبیر بردوومەتەوە.. ئەوەتا سێبەرەکەی درێژ و درێژتر دەبێتەوە.. دەستەکانی لە گیرفانەکانیدان.. جامەدانە و سەروکەللە و مل و پاڵتۆکەی لەبەر تروسکایی گڵۆپی دار ئەلێکتریکەکەی دیکەدا لێڵ و لێڵتر دەبن.. دەتوێنەوە.

تریفەم لە شارەوانییەوە گواستەوە لای خۆم.. لەوێ زۆر ماندوو بوو، ئێستە زۆر ئاسوودە دیارە.. کارێکی هاکەزاییم پێ سپارد.. جارجاریش بە ئیفاد بۆ ئەملاو ئەولای دەنێرم.. دەمزانی بەختیار بۆ تریفەی خوشکیشی حەزی دەکرد کارئاسانی شەومانەوەمان بۆ بکات.. بەڵام پێویستم پێی نەبوو، چونکە بەردەوام لەبەردەستمدا بوو، نەشمدەویست پێمان بزانێ...

تاڤگەش لەزانکۆوە هەفتەی دوو شەو دەهاتەوە لای، تەنیا لە پشووی نیوەی ساڵدا بەردەوام پێکەوەن.. هەر لە سەرەتاوە تریفە دەیزانی پێوەندیم لەکەڵ براژنەکەیدا هەیە.. بەردەوام لەماڵی بەختیار سەردانی دەکردین.. شەوانە تا درەنگێ لامان دەمایەوە.. گەرچی ئەو شەوانەی سەردانی دەکردین لەگەڵ ئاوازدا مێزمان نەدەڕازاندەوە، بەڵام جۆرێ لە ئیرەیی پێوە دیار بوو.. (بەختیار) یش شەوانە وەماڵ نەدەکەوت.. ڕۆژانەش بەردەوام لای خۆم لەدایەرە بوو.. دواتر تریفەش هەندێ شتی لادرکاندم.. بێگومانم (بەختیار) لە هەموو ڕوویەکەوە کوڕی چاکە.. نووسەر و هونەرمەندیشە.. بەئەنقەست ئیفادم کرد، گوتم بزانم چی دەڵێ! بەر لە ڕۆیشتنی گوتی:

- ئەم سێ ڕۆژە لەبری من ئاگات لە منالەکانم بێت..

بەم قسەیەی لە هەموو شتێ دڵنیابووم.. لەوە بێگومان بووم (بەختیار) لەو جۆرە پیاوە دەگمەنانەیە کە دەخوازن ژنەکانیان هەمیشە لە باخەڵی دۆستێکیاندا بن.. بەوە ئارام و دڵنیا دەبن.. لەوانەیە لەزەتیشی لێ ببینن.. بەتایبەتی دۆستێکی دەسترۆیشتووی خاوەن پلەو پایە و دەست و دڵفراوانی وەکو من.. چونکە دوای ئەوەی خانوویەکم لەتەنیشت دایەرەکەوە گرت و جێمهێشتن، چەندین شەو تا بەیانی خۆی لەماڵەوە بەدیار ڤیانەوە ماوەتەوە و بەبیانووی ماڵ بۆ ڕێکخستنەوە ئاوازی ناردووەتە لام.. بەهۆی بارودۆخی نائارامی شاریشەوە نەدەبوو تا بەیانی بچێتەوە.. من ناتوانم تۆژینەوەی باری دەروونیی (بەختیار) بکەم.. ئەوە باسێکە چەند بیری لێبکەمەوە هیچی لێ حاڵی نابم.. بڕوا ناکەم (فرۆید) یش زیندووبێتەوە بتوانێ بەتەواوی شی بکاتەوە.. یان هیچی لێ حاڵی بێت..

- وەی! ئەو چرکە لەپڕە چی بوو؟!

دیارە کاتی ئەوە هاتووە لەم چۆڵەوانیەی ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا کارەکەی راپەڕێنێ.. نازانم چی بکەم! دیارە زۆر کارامەیە.. دەبێ دەمانچەکەی هێنابێتە سەرپێ.. ها؟ ئەی بۆ پێشتر ئامادەی نەکردووە؟! کارامە چۆن وادەبێ.. دیارە زۆر ناشییە.. خۆ ئەوەتا لەنزیکمەوە خەریکە دێتە شانمەوە.. ئەم چەند هەنگاوەم ماوە لەدەستی رزگار بم.. هەر ورتەورتێتی.. ئەوەتا لێمەوە دیارە.. جگەرەیەکی بەلێوەوەیە.. هەنگاوەکانم خاوتر کردەوە.. جارێکی دی چرکەی لە چەرخەکەی هەستاند و جگەرەکەی پێکرد.. بەمژێکی قووڵ و پرتە و بۆڵەوە بەلامدا تێپەڕی.. وە پێشمکەوت.. دیار بوو تا ئەو ساتەیش هەستی بەبوونم نەکردبێ و.. بێگومان منیش هیچ لەو بۆڵەو خوتانەی ئەو حاڵی نەبووم.





# باران
## لە دووەم بڕگەیدا بەفرە

بۆتان لەتیف عەبدولقادر



یەکەم جاری باران؛
هەورێکە..
بوخچەی‌دەستپێکی
وردە پیتەکانیەتی..
وردە پیتەکانی..
لەناخیدا؛ هەوری
داهێنان هەڵدەکا و
لەچاویدا فرمێسکی سپی
تاو تاو دەبنە جۆگە..
جۆگەیەک بەزەویی گۆنایدا
ڕێ دەکات
دووەم جاری باران؛
هەور دەبێ بەتەمومژ
لەهەناویدا بەفر دەزێت
بەڵێ بەفر..
کراسێکە؛
لەسەرمادا باران بۆخۆی دەیدووریٚ
کراسێک؛
بووک تارای تەزووی خۆزگە
دەگوشێت
بۆ لەمەولا؛
یەکەمین زستانم دەبێ کە سەیوان
هەڵنەگرم!..
ئایا چی لەوە جوانترە
برژانگەکانی چاوی ئەو
لێکدی ئاییٚر بکەمەوە!؟
برژانگێ گرێکانیان دڵۆپی بارانن
هەر بەتەنیا بیرت ئەکەم..
هەر بەتەنیا ناوت دێنم..
هەر بەتەنیا دەتنووسمەوە..
هەر بەتەنیاش بۆت دەگرییٚم..
تۆ نادیاری ومن لەبەرخۆم
هەموو ڕۆژێ ئەتبینمەوە..
دەتۆش تەنیا وەرە...
بەهاتنت؛
ئەم زستانەم وشە گیان مردووەکانی ژیاندەوە!..
لەم وشانەوە؛
هاواری بۆ چاومە و دەڵێ:
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیا
سەردێڕێکە لە ڕێژنەی باران و
ناونیشانی بەفری دڵە
لەناوەڕاستیدا؛
ئازاری دەروون دەبێ بە تەزینی تەزرە و
کراسێکی تەرز لە بەفر
ئەزانی لە ئامێزی باران؛
پڕ دەبین لە هەست و خۆزگە!؟..

ئیتر من لەم زستانەمدا
هەرگیز ناچمەوە ژوورەوە!
لەگەڵیا ئەبم بە پەیکەر لەپێش بێرایی غوربەتی!..
هەر ئەوە نا..
پاشێ وێکرا؛
نیشتیمانێک سەرلەنوێ دروست ئەکەین!..
ئیتر من ناچمە ژوورەوە
تا ئەو شەوەی؛
لە ساماڵی سایەقەی شەوێکیا بەڕووم هەڵدێ و
لەبالاما بەرگە تریفەی مانگ ئەبڕێ و
بەداوی عیشق؛
بۆ باڵای نیشتیمانە تازەکەی ئەدووریٚ!..
ئێستا ژیان زستانێکە
لە ئامێزیا دانیشتنێک هەیە
دانیشتنێک
نیسکافە بەرمەجلیسیەتی و
بەبارانیش پێکەنینی ئازارەکان ئەشواتەوە و
بەفر ئەکاتە کراسی گوڵ..
دڵسۆزی و تاسە؛
تەنیا وەرزێکی بەنازیان هەیە
وەرزی زستان!
بۆچی بەم ڕاددەیە پەلەمان کرد؟!..
ئەمڕۆ؛
سەرەتایەکی نادیارو ناڕۆشنە!..
نیگا بگۆڕە
بەیانی کۆتاییەکی ڕۆشن و دیار
تۆ نادیاری و
من لەبەرخۆم هەموو ڕۆژێ ئەتبینمەوە..
ئەم زستانە؛
وشە گیان مردووەکانمی ژیاندەوە
وەرن عاشقان ببیستن...
ئەوە پێکەنینی ئەوە
لەجۆگەی عەشق هەڵیبەستووە!
ئەوە مەستانەیە
سەرتاپای درەوشانەوەیە و
هەستی لێ ئەڕژێ هەست!..
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیا
سەردێڕێکە لە ڕێژنەی باران و
ناونیشانی بەفری دڵە
بۆ لەمەولا؛
یەکەمین زستانم دەبێ کە سەیوانە هەڵناگرم..
هێشتا هەر لەژێر سێبەری چاوەڕوانی
چاوەڕێی قەدەرێ ئەکەم
هەر وەک خۆم دەمێنمەوە دەم بەبزە..
هەرگیز ناچمەوە ژوورەوە
لەگەڵیا ئەبم بە پەیکەر لەپێش بێرایی غوربەتی!..